Sorani



# به خێر بێیت

**بۆ پۆلی باخچەی منداڵان و خوێندنگای**
**سەرەتایی و یانەی کاتی ئازاد**

# لیستەی ناوەڕۆك


## پۆلی باخچەی منداڵان

یەکەم هەنگاو لە خوێندنگادا 7
هەڵبژاردنی خوێندنگا 7
گواستنەوەیەکی ئاسان بۆ خوێندنگا 7
ڕۆژێکی نموونەیی بۆ منداڵێکی پۆلی باخچەی منداڵان 7
کاروباری پەروەدە و فێرکردن 8
تۆی دایك یان باوك گرنگیت 8
گۆتوبێژی پێشکەوتن 9
ئەو یاسایانە کە پۆلی باخچەی منداڵان دەباتەڕێوە 9
شوێنێکی دڵنیا لەگەڵ بەهاگەلی تەندروست 9
تەندروستیی قوتابی 10
منداڵەکەت بیمەکراوە 10

## خوێندنگای سەرەتایی

هەموو منداڵێ دەبێ بڕوا بۆ خوێندنگای سەرەتایی 13
حەزکردن لە فێربوون گرنگە بە درێژایی ژیان 13
خوێندنگای جودا 13
دەستپێکردن زووتر بە خوێندنگای سەرەتایی 14
ئەو پێگەیشتووانە کە لە خوێندنگای سەرەتایی کاردەکەن 14
گۆتوبێژی پێشکەوتن و مافی کارتێکردن 14
گواستنەوەی قوتابیان 15
زمانی زگماك کە سوێدی نیە 15
یارمەتیی تایبەت 16
ئەگەر بخوازن خوێندنگای سەرەتایی بگۆڕن 16
نیوڕووخسار 16
خوێندنگای سەرەتایی سەربەخۆ 17
چی خوێندنگای سەرەتایی دەباتەڕێوە؟ 17

## یانەی کاتی ئازاد

جۆرەکانی پەرستیاریی 20
بۆ منداڵ لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییدا 20
یانەی کاتی ئازاد چیە؟ 21
چی یانەکانی کاتی ئازاد دەباتەڕێوە؟ 21
داخوازینامە 21
یانەی کاتی ئازاد تەنیا لە پشووی خوێندن و ڕۆژانی خوێندن 21
پەرستیاریی شەو 22
چەنێ خەرجی دەچێ؟ 22
دراودانەوە بە هۆی نەخۆشییەوە 22
کاتەکان پێشکەش بکە 23
ڕۆژانی بەرنامەدانانی کارمەندەکان 23
پشوو لە هاویناندا 23
واز هێنان لە شوێن 23

# تێگەیین و پێناسە

## یاسای خوێندنگا
بڕیاردەدرێ لە لایەن پەرلەمانەوە و ئاماژە دەکا بۆ ئامانجە سەرتاسەرییەکانی خوێندکاری و ڕێباز و چۆن دەبێ کاروبارەکە گەڵاڵەبکرێت.

## بەرنامەی کاژێر
بڕیاردەدرێ لە لایەن پەرلەمانەوە و ئاماژە دەکا بۆ کاتی دڵنیاییکراوی ئاراستەکردنی وانەوتنەوە کە قوتابییەکان مافیان هەیە لە وەرگرتنی.

## ل گ ر 11(Lgr 11)
بەرنامەی نەتەوەیی خوێندکاری بۆ خوێندنگای زۆرەملێ.

## بەرنامەی خوێندکاری
بڕیاردەدرێ لە لایەن میرییەوە و ئاماژە دەکا بۆ ئامانج و ڕێبازی بنچینەیی خوێندنگای سەرەتایی و ئەو بابیانە کە دادەنرێن وەکو بناخە بۆ کاروبارەکە.

## بەرنامەی کۆرس
بڕیاردەدرێ لە لایەن میرییەوە و ئاماژە دەکا بۆ ئامانجی وانەوتنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان.

## بەرنامەی خوێندنگا
شارەوانی بڕیاری بەرنامەی خوێندنگا دەدا. باسی ئەوە دەکا چۆن خوێندنگاکانی شارەوانی دەبێت کاربکەن و پێشبکەون.

## بەرنامەی کاروبار
خوێندنگا سەرەتاییەکان بڕیاری بەرنامەی کاروبارەکانی خۆیان دەدەن. باسی ئەوە دەکا چۆن خوێندنگاکە کاربکا لە ماوەی نێزیکترین ساڵی ئاییندەدا.

## بەرنامەی پێشخستنی تاکەکەسی
(IUP)
بەرنامەیەکی نووسراوە بۆ چۆنییەتی گەیشتنی قوتابی بە ئامانجی بەرنامەکانی کۆرسدا. ئەمە پێکەوە دەکرێت بە هاوکاریی قوتابی و مامۆستا و سەرپەرشتەکان.

## پەرستیاریی بۆ منداڵی خوێندنگای سەرەتایی
یانەی کاتی ئازاد ئاساییترین جۆری پەرستیارییە پێش و پاشی کاتی خوێندنگا.

## پەرستیاریی پەروەردە و فێرکردن
پەرستیاریی منداڵی خوێندنگا دەتوانرێ بە شێوەیەکی تر بکرێتیش، نەك وەك یانەی کاتی ئازاد، بۆ نموونە باخچەی منداڵانی خێزان.

# پۆلی باخچەی منداڵان



دەستپێکردن بە پۆلی باخچەی منداڵان یەکەم هەنگاوە بۆ خوێندن لە خوێندنگا.
کاتێکی سەرنجڕاکێش و خۆش دەستپێدەکا، هەم بۆ منداڵەکان و هەم بۆ
دایکوباوکەکان.

ئێمە لە شارەوانیی ئۆرەبرو چاوەڕوانی پێشوازیکردنین لە منداڵەکەت کە دەست
بە خوێندن دەکا لە خوێندنگا سەرەتاییەکانمان.

## یەکەم هەنگاو بۆ خوێندن لە خوێندنگا

منداڵەکەت دەتوانێ بڕوا بۆ پۆلی باخچەی منداڵان لە پایزی ئەو ساڵە کە دەبێتە شەش ساڵان. ڕۆیشتن بۆ پۆلی باخچەی منداڵان دڵخوازانەیە و بە خۆڕاییە.

پۆلەکانی باخچەی منداڵان لە ناو خوێندنگا سەرەتاییەکانن. پێش دەسکردن بە ساڵی تازەی خوێندن، هەموو ساڵێ، هەموو منداڵە شەش ساڵانەکان نامە بۆیان ڕەوانەدەکرێت کە بریتیە لە زانیاری لە بارەی ئەو خوێندنگایە کە تیایدا دەخوێنن.

## هەڵبژاردنی خوێندنگا

هەر منداڵێ خوێندنگایەك بۆی دەستنیشاندەکرێ. ئەمە وادەگەیەنێ کە شوێنێ بۆ منداڵەکە ئامادەدەکرێ لەو خوێندنگایە. چ خوێندنگایە دەستنیشان بۆی دەکرێ، ئەوە دەکەوێتە سەر ناونیشانی دامی تۆمارکردنی منداڵەکە. لە چ شوێنێ منداڵەکە چۆتە باخچەی منداڵان، ئەوە کارتێناکاتە سەر دەستنیشانکردنی ئەو خوێندنگایە کە بۆ منداڵەکە دیاریدەکرێ.

ئەگەر بتەوێ خوێندنگا دەستنیشانکراوەکە بگۆڕی بە خوێندنگایەکی تری شارەوانی، ئەو پێشکەشکردنەی شوێنە بەکاردەهێنی کە ڕەوانە دەکرێ لەگەڵ ئەو نامەیە کە دەنێررێ بۆ ئەو منداڵانە کە دەست بە پۆلی باخچەی منداڵان دەکەن. فۆرمی داخوازینامەی گۆڕینی خوێندنگا لە www.orebro.se هەیە، لەوێ دەتوانیتیش زۆرتر لە بارەی هەڵبژاردنی خوێندنگا بخوێنیتەوە.

## گواستنەوەیەکی ئاسان بۆ خوێندنگا

پۆلی باخچەی منداڵان گواستنەوەیەکی ئاسانە لە باخچەی منداڵانەوە بۆ خوێندنگای سەرەتایی. بەزۆری هاوکارییەکی نێزیك هەیە لە نێوان پۆلی باخچەی منداڵان و پۆلی یەکەمی خوێندنگای سەرەتایی تا منداڵەکان بە شێوەیەکی سرووشتی خوێندنگا نوێکانیان و ئەو کارمەندانە کە لەوێ ئیشدەکەن بناسن.

## ڕۆژێکی نموونەیی بۆ منداڵێکی پۆلی باخچەی منداڵان

بەزۆری پۆلی باخچەی منداڵان پێشنیوەڕوان چالاکییەکانی دەکا و ڕۆژەکە تەواودەبێ بە خواردنی فراڤیین پێکەوە. پاشنیوەڕوانە زۆر منداڵ دەڕۆن بۆ یانەی کاتی ئازاد، کە لەوانەیە لە هەمان شوێنی پۆلی باخچەی منداڵان بێ یان لە شوێنێکیتر لە ناو خوێندنگاکەدا بێ.

## کاروباری پەروەدە و فێرکردن

لە پۆلە باخچەکانی منداڵان فۆرمی کار بەکاردەهێنرێ لە باخچەی منداڵان و خوێندنگا. کاروباری پەروەدە و فێرکردن دەبێ بەجۆشخەر بێ بۆ پێشکەوتن و فێربوونی منداڵەکە.

ئەرکی پەروەردەکارەکان هاندانی دەستپێشخەریی و خواستی منداڵەکانە. جاروباریش کاریان ئەوەیە حەز و ئارەزوو پەیدا بکەن لای منداڵەکان بۆ شت بە هۆی پیشاندانی ئەو شتانە بە شێوەیەك سەرنجیان ڕابکێشن.

تا ئێستایش یاریکردن گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ پێشکەوتنی منداڵ.

کاتێ منداڵ شەش ساڵانە، بەزۆری دژوارە بۆی دابنشێ بێ جووڵانەوە و گوێبگرێ و چاوەڕوانی سەرە بکا. بۆ فێربوونی ئەمانە، منداڵ پێویستی بە مەشقکردنە لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆیشتنی بۆ خوێندنگا. لە کۆبوونەوەی ڕۆژانەدا، لە نێوان ئەو شتانە کە منداڵەکان دەیکەن، ڕاهێنانیانە لە سەر دەستهەڵگرتن و چاوەڕێکردنی سەرە و ماوەدان بە ئەوانیتر قسەکانیان تەواوبکەن.

## تۆی دایك یان باوك گرنگیت

تۆی دایك یان باوك منداڵەکەت لە هەموو کەسێك باشتردەناسیت. بۆ ئەوە منداڵەکەت تا دەتوانرێ هەستبکا بە باشی و دڵخۆشی لە پۆلی باخچەی منداڵان، گرنگە تۆ بەشدار بیت لە خوێندکاریی منداڵەکەت و هەست بکا تۆ شیاوکاریت هەیە بۆ ئەوە لەگەڵدا بیت و کارتێبکەیت.

وەك دایك یان باوك شێوەیەکی خەریکبوونت بە خوێندنی منداڵەکەتەو ئەوەیە ببیتە ئەندام لە ئەنجومەنی دایکوباوکان کە سەر بە خوێندنگایە.هەروەها لە نیوەساڵیکی خوێندندا هەر نەبێ یەکجار داوەتدەکرێیت بۆ کۆبوونەوەی دایکوباوکان کە تیایدا زانیاری وەردەگریت لە بارەی ئەو ڕووداوانە کە ڕوودەدا لە پۆلی باخچەی منداڵان و دەتوانی پرسیار بکەی یان باسی بابەتێ بکەی کە وا دەزانی گرنگە.

بێگومان دەتوانی لە هەر کاتێ بتەوێت قسەبکەی لەگەڵ کارمەندانی پۆلی باخچەی منداڵان ئەگەر شتێکت هەیە دەخوازی بیزانی.

## گۆتوبێژی پێشکەوتن
یەکجار لە نیوەساڵیکی خوێنندا گۆتوبێژی پێشکەوتن دەکرێ، کە تیایدا تۆ و منداڵەکەت و ماموستاکەی چاوتان بە یەك دەکەوێ و قسەدەکەن لە بارەی ئەوەوە کە تا چ ڕادەیە منداڵەکەت کامەرانە لە پۆلی باخچەی منداڵان. ئێوە دەستنیشانی ئامانج دەکەن؛ بە واتایەکیتر بڕیاردەدەن منداڵەکەت پێویستی بە چ مەشقکردنێکی زیاترە لە ئایندەی نێزیکدا.
لە ڕێگای ئەوەوە، لە پۆلی باخچەی منداڵان ئەو بوارانە دەستنیشاندەکرێن کە منداڵەکە پێویستی بە بەهێزکردنیان هەیە، هەلومەرجێکی لەباری باشتر بۆ منداڵەکە هەڵدەکەوێ تا پاشان بگاتە ئەو ئامانجانە کە لە خوێندنگای سەرەتایی بەدەستدەهێنرێ.

## ئەو یاسایانە کە پۆلی باخچەی منداڵان دەبەنەڕێوە
ڕێسا گشتییەکانی یاسای خوێندنگا لە بارەی خوێندنگاوە، پۆلی باخچەی منداڵانیش دەگرێتەوە. بەرنامەی خوێندکاریی خوێندنگا زۆرەملێکان (Lgr 11)، پۆلی باخچەی منداڵانیش دەگرێتەوە. پۆلی باخچەی منداڵان بەشێکە لە خوێندنگا و یەکەم هەنگاوە لە جێبەجێکردن و ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی بەرنامەی خوێندکاریی. لە لایەکیترەوە هیچ ئامانجی زانست نیە لە پۆلی باخچەی منداڵان کە دەبێ بە ئەنجام بگەیەنرێن.
بەزۆری بەڕێوەبەری خوێندنگای سەرەتایی، بەڕێوەبەری پۆلی باخچەی منداڵانیشە.

## شوێنێکی دڵنیا لەگەڵ بەهاگەلی تەندروست
هەموو منداڵەکان دەبێ هەستبکەن بە دڵنیایی لە پۆلی باخچەی منداڵان. ئێمە لە خوێندنگا چاوپۆشی ناکەین لە هیچ شێوەیەك لە ڕەفتاری سووکایەتی پێکردن. هەموو خوێندنگاکان بەرنامەی دڵنیاییان هەیە، کە باسی ئەوە دەکا چۆن مرۆڤ کاربکا دژ بە ئازاردان و چۆن مامەڵە لەگەڵیدا بکا ئەگەر ڕوویدا. بەرنامە دڵنیاییەکە لە ماڵپەڕی خوێندنگاکە هەیە.
لە خوێندنگا بناخەی نرخیی هەیە کە هەموو کارمەندان پشتگیری لیی دەکەن. هەموو مرۆڤەکان نرخیان وەك یەکە. کوڕ و کچ و پیاو و ژن دەبێ هەمان ماف و بواریان هەبێ. پەیمانی نەتەوەیەگرتووەکان لە بارەی منداڵەوە دەبێ زاڵ بێ بە سەر کاروبارەکانەوە و بەرژەوەندی منداڵ و قوتابیان هەردەم لە پێشەوە بێت.

## تەندروستیی قوتابی

هەموو قوتابییەکان لە پۆلی باخچەی منداڵانەوە تا خوێندنگای ئامادەیی، تەندروستیی قوتابیان لە بەردەستدایە، بە واتایەکیتر نەخۆشڤان و پزیشکیان هەیە. کاری تەندروستیی قوتابی ئەوەیە چاوەدێری پێشکەوتنی لەشی هەموو قوتابیە بکات و کاربکات بۆ تەندروستیەکی باش و ژینگەی کارکردنێکی باش و خووی ژیانی باش.

کاری پێشگیریکردن، سەردانی تەندروستیش دەگرێتەوە، وەك کێشانەکردن و پێواندن و ئازمایيشکردنی بینایی و کۆنترۆڵی پشت. هەروەها لە سەردانی تەندروستی، گۆتوبێژێکی تەندروستی ئەنجامدەدرێت، کە تیایدا بایەخدەدرێ بە پرسی منداڵەکە خۆی لە بارەی تەندروستییەوە. لە کاتی خوێندن لە خوێندنگا، ڤاکسین پێشکەشدەکرێت.

کارمەندانی تەندروستیی قوتابی ئەرکی بێدەنگییان لە سەرە تا تۆ و منداڵەکەت بپارێزرێن. زۆرتر بخوێنەوە لە بارەی تەندروستی و کۆمەکەوە لە orebro.se

## منداڵەکەت بیمەکراوە

هەموو ئەو منداڵانە دەڕۆنە پۆلی باخچەی منداڵان و خوێندنگا و یانەی کاتی ئازاد بیمەکراون دژ بە ڕووداو لە هەموو کاتێکدا. زۆرتر بخوێنەوە لە بارەی بیمەوە لە www.orebro.se، کە هەمیشە فۆرمی ئاگادارکردنی زیانی تیادایە.

# خوێندنگای سەرەتایی



لە شارەوانی نۆرەبرو دەبێت بەرژەوەندی منداڵ و قوتابیان بخرێتە هەرەپێشەوە.

دیموکراسی و بەشداری و کارتێکردن دەبێ وەک بابەتی سەرەکی بەردەوامبن لەگەڵ منداڵەکەدا بە درێژایی ژیانیدا لە باخچەی منداڵان و خوێندنگادا.

ئامانج ئەوەیە کە هەموو منداڵان دەبێ دڵنیابن کە پێشدەکەون و گەورەدەبن و ئەو زانیارییانە وەردەگرن کە پێویستیان پێی دەبێ لە کاتی پێگەشتنیاندا.

## هەموو منداڵێ دەبێ بڕوا بۆ خوێندنگای سەرەتایی

لە پایزی ئەو ساڵە کە تەمەنی منداڵەکەت دەبێتە هەفت ساڵ، یەکەم ساڵی خوێندنگای دەستپێدەکا لە ئەو نۆ ساڵە خوێندنەی زۆرەملێدا: بە پێی یاسا هەموو منداڵ و لاوان لە سوێد دەبێ بڕۆن بۆ خوێندنگای سەرەتایی. قوتابییەکان بە خۆڕایی وانەیان پێ دەوترێ و کەرەستەی خوێندن وەردەگرن و فراڤیین دەخۆن.

دەبێ هەموو قوتابیان لە خوێندنگا، زانیاریی بناخەیی وەربگرن، بۆ نموونە لە سوێدی و ئینگلیزی و ماتماتیکدا. گرنگی ئەوەیە قوتابییەکان فێری ئەو شتانە بن کە پێویستیان پێیانە تا ڕادەی ڕەچاویان.

دەبێ خوێندنگا ئامادەی منداڵ و لاوان بکا تا بژین و تێبکۆشن لە ناو کۆمەڵگادا. هەروەها گرنگیشە کاتێ خوێندنگا بەجێدەهێڵن، ببنە خاوەن باوەڕبەخۆبوونێکی بەرز و لێهاتووی کۆمەڵایەتی باش.

## حەزکردن لە فێربوون گرینگە بە درێژایی ژیان

دەبێ خوێندنگای سەرەتایی هانی منداڵ و لاوان بدا بۆ حەزکردن لە فێربوون، حەزکردنێك کە کەڵکدار بێ بە درێژایی ژیانیاندا.

خوێندنگای سەرەتایی دوای ئامانجە سەرتاسەرییەکان دەکەوێ، بەڵام وانەوتنەوی ڕۆژانە دەبێت دەستپێی بکرێت لە پێویست و ئارەزووی هەموو قوتابییەك. قوتابییەکان بوواری زۆریان هەیە بۆ ئەوە چالاك بن و پلان دابنەن و بەرپرسیاریی هەڵبگرن لە ڕۆژانی کاردا - هەموو کاتێ لەگەڵ یارمەتیدانی ئەو پێگەیشتووانە کە لە خوێندنگاکەن.

## خوێندنگای جودا

خوێندنگای جودا بۆ ئەو منداڵ و لاوانەیە کە ناتوانن ئامانجی زانیاری خوێندنگاکە بە ئەنجام بگەیەنن بە هۆی ئەوەوە شێوە نائاسایی پێشکەوتنیان هەیە. ئەمانە خوێندکاریی گونجاو وەردەگرن بە پێی توانا، ئەوەنە زۆر بێ تا بەرامبەر بە ئەو خوێندکارییە بێ کە خوێندنگای سەرەتایی دەیدا.

خوێندنگای جودا پێکهاتووە لە نۆ ساڵی خوێندن و ساڵی دەهەم ئارەزوومەندانەیە. پۆلی خوێندنگای جودا لە زۆر خوێندنگای سەرەتایی هەیە.

دەتوانی داخوازینامە پێشکەشبکەی تا منداڵەکەت لە شەش ساڵانەوە دەستبکا بە خوێندن لە خوێندنگای سەرەتایی.
داخوازینامە پێشکەشدەکەی لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە ئەو خوێندنگاوە کە منداڵەکەت سەر بە ئەوە (خوێندنگای دەستنیشانکراو).

## ئەو پێگەیشتووانە کە لە خوێندنگای سەرەتایی کاردەکەن

لە خوێندنگای سەرەتایی، منداڵان تووشی زۆر کەسی پێگەشتوو دەبن، بێجگە لە مامۆستایان لەوانە کە دەیانبینن، پەروەردەکاری کاتی ئازاد و مامۆستایانی باخچەی منداڵان و پەروەردەکاری تایبەت و نەخۆشڤان و بەڕێوەبەری خوێندنگا و جاروباریش کەسانی تواناداری جۆراوجۆر هەن لەوێ ئەگەر کەسێك پێویستی بە یارمەتی تایبەت هەبێ.

## گۆتوبێژی پێشکەوتن و مافی کارتێکردن

وەك دایك یان باوك تۆ گرنگترین کەسیت لە ژیانی منداڵەکەت و دەزانیت کە تۆ دەتوانی کارتێبکەیتە سەر خوێندکاریي منداڵەکەت. هەموو خوێندنگایەکی سەراتاییش هەڵسوکەوت دەکا لەگەڵ پرسی دیموکراسیدا. دەتوانن ئەوە بکەن، بۆ نموونە لە ئەنجومەنێکی خوێندنگادا کە دایکوباوکیش تیایدا دەبن.
قوتابییەکان بوواری زۆریان هەیە بۆ ئەوە لەگەڵدا بوون و پلانی ناوەڕۆکی وانەوتنەوەی خوێندنگاکە دابنەن - هەموو کاتێ لەگەڵ یارمەتیدانی ئەو پێگەیشتووانە.
مامۆستاکان گۆتوبێژی پێشکەوتن ئەنجامدەدەن لەگەڵ قوتابیان و سەرپەرشتەکانیاندا بە لایەن کەمەوە یەکجار لە نیوەساڵیکی خوێندندا. لە گۆتوبێژەکەدا مرۆڤ لێکۆڵینەوە دەکا لە بارەی تا چ ڕادەیەك منداڵەکە کامەرانە لە خوێندنگاکە و پێکەوە بەرنامەی پێشکەوتنی کەسییەك (IUP) دادەنەن بۆ فێربوونی بەردەوامیی منداڵەکە.

## گواستنەوەی قوتابیان

ئەو منداڵانە کە ماڵیان دوورە لە خوێندنگاکانیانەوە بە خۆڕایی دەگوێزرێنەوە، بەڵام تەنیا بۆ خوێندنگا دەستنیشانکراوەکانیان. بە گشتی ئەو قوتابیە لە خوێندنگای سەرتایی دەخوێنێ مافی گواستنەوەی هەیە ئەگەر مەودای نێوان ماڵ و خوێندنگاکە بە لای کەمەوە: سێ کیلۆمەتر بێ بۆ پۆلی باخچەی منداڵان و پۆلی خوێندنی سەرەتایی 1-3 و چوار کیلۆمەتر بۆ پۆلی خوێندنی سەرەتایی 4-6 و پێنج کیلۆمەتر بۆ پۆلی خوێندنی سەرەتایی 7-9.

بێجگە لە مەودای نێوان ماڵ و خوێندنگاکە، قوتابی مافی گواستنەوەی هەیە بە خۆڕایی ئەگەر ئاسایشی ڕێگەوبان خراپ بێ یان هۆیەکی تایبەت هەبێ، بۆ نموونە وەك نەخۆشی.

## زمانی زگماك كە سوێدی نیە

ئەو منداڵە ئەگەر سەرپەرشتەکەی زمانی زگماکی سوێدی نەبێ، مافی هەیە وانەوتنەوە وەربگرێ لە زمانە زگماکەکەی خۆی ئەگەر زمانی ڕۆژانەیان بێ، بۆ نموونە لە ماڵ پێی بدوێن.

ئەو منداڵە ئەگەر زمانی زگماکی سوێدی نەبێ، مافیشی هەیە وانەوتنەوە وەربگرێ لە بابەتی "سوێدی وەك دووهەم زمان". هەم وانەوتنەوەی زمانی زگماك و هەم سوێدی وەك دووهەم زمان، بناخەیەکی گرنگن بۆ فێربوون.

بۆ ئەو قوتابییانە کە زمانی زگماکیان سوێدی نیە و پێویستییان بە یارمەتی زمانە لە خوێندنەکانیاندا، ڕێنماییکردنی خوێندکاری هەیە لە زمانی زگماکیان.

## یارمەتیی تایبەت

هەموو منداڵ و گەنجێ پێویستییان بە یارمەتی هەیە لە خوێندنگای سەرەتایی بۆ پێشکەوتنیان و فێربوونیان. هەندێك كات بەشێ لێیان پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە لە ئەوانیتر. یارمەتێکە دەگونجرێ لەگەڵ پێویستی و هەلومەرجەکانی قوتابییەکەدا. لەوانەیە شێوەی کارکردن لە ناو ئەو دەستە، کە قوتابییەکە تیایەتی دەبێ بگۆڕرێ یان ئامرازی یارمەتیدانی تەکنیکی بەکار بهێنرێ یان یارمەتی زۆر وەربگرێ لە پێگەیشتووەکان.

## ئەگەر بخوازن خوێندنگای سەرەتایی بگۆڕنەوە

خوێندنگایەکی شارەوانی دەبێت بە پلەی یەکەم ئەو منداڵانە وەربگرێت کە خوێندنگاکە بۆیان دەستنێشان کراوە. پاشان خوێندنگاکە دەتوانێت شوێن پێشکەش منداڵانی تر بکات.

ئەگەر دەخوازیت خوێندنگاکەت بگۆڕیتەوە بۆ خوێندنگایەکی شارەوانی تر، داخوازینامەیەك پێشکەش بکە بۆ ئەو خوێندنگایە کە دەخوازیت بۆی بڕۆیت. لە orebro.se دەتوانیت زانیاریی زۆرتر بخوێنیتەوە لەبارەی ڕێساکانی هەڵبژاردنی خوێندنگا و لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی.

## نیوڕووخسار

هەندێ خوێندنگای سەرەتایی لە ئۆرەبرو شێوەیەك لە نیوڕووخساریان هەیە، بە زۆری لە پۆلی چوار یان هەفتەوەیە.
ئەگەر دەخوازی بزانیت چ نیوڕووخسارێ هەیە و واتایان چیە، دەتوانیت زانیاری وەربگری لە www.orebro.se یان لە ماڵپەری خوێندنگاکە، ناوی خوێندنگاکە/www.orebro.se.

## خوێندنگای سەرەتایی سەربەخۆ

خوێندنگای سەرەتایی سەربەخۆ دەبرێتەڕێوە لە لایەن خەڵکی ترەوە، نەك لە لایەن شارەوانییەوە. ئەم خوێندنگایانەش دەبرێنە ڕێوە بە پێیی ئەو یاسا و ڕێبازانە کە خوێندنگای سەرەتایی سەر بە شارەوانی بە پێیی دەبرێتە ڕێوە و دەبێت دامی نەتەوەیی خوێندنگا پەسەندبیکا.

زۆر خوێندنگای سەرەتایی سەربەخۆ هەیە لە ئۆرەبرو. خوێندنگا سەرەتایی سەربەخۆکان هەموو کەسێ وەردەگرن، بەڵام تیایاندا، منداڵ شوێن پێی نادرێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك. دەبێ داخوازینامە پێشکەشبکرێ تا منداڵ بتوانێ لەوێ بخوێنێ. خوێندنگا سەرەتایی سەربەخۆکان کەوتنەپێش نادەن بە ئەو منداڵانە کە لە نێزیکی خوێندنگاکە دەژێن.

## چی خوێندنگای سەرەتایی دەباتەڕێوە؟

لە لایەنی نەتەوەییەوە، خوێندنگا دەبرێتەڕێوە بە هۆی یاسای خوێندنگا و بەرنامەی کاژێر کە پەرلەمان بڕیاریان دەدا. میری بڕیاری بەرنامەی خوێندکاریی و بەرنامەی کۆرس دەدا.

لە لایەنی ناوچەییەوە، هەر خوێندنگایەکی سەرەتایی بڕیاری بەرنامەی چالاکی خۆی دەدات. دەتوانیت بەرنامەکانی چالاکی بخوێنیتەوە لە www.orebro.se و لەماڵپەری خوێندنگاکان.

# یانەی کاتی ئازاد



یانەکانی کاتی ئازاد، هەر وەك کاروباری باخچەی منداڵان، دوو ئەرکی هەیە.

لە لایەکەوە دەبێت بکۆشێ بۆ مەرجی گەورەبوونێکی باش لە ڕێگەی یارمەتیدان و بەجۆشخستنی پێشکەوتن و فێربوونی منداڵ و لە لایەکیترەوە لەبارکردن بۆ دایکوباوك تا دایکوباوکێتی لەگەڵ کار یان خوێندندا پێکەوە گرێبەستبن بە یەکەوە.

## جۆرەکانی پەرستیاریی

بۆ ئەو منداڵانە کە لە تەمەنی خوێندنی سەرەتایین، جۆری پەرستیاریی جودا هەیە لە دەرەوەی کاتی خوێندنگا:

- یانەی کاتی ئازاد
- پەرستیاریی پەروەردە
- کاروباری کاتی ئازادی کراوە

یانەی کاتی ئازاد ئاساییترین شێوەی پەرستیارییە. لە 1 جولای 2009 وە دایکوباوك دەتوانن بۆ منداڵەکەیان تەنانەت شێوەیەك لە پەرستیاریی پەروەردە هەڵبژێرن.
کاروباری کاتی ئازادی کراوە، دانراوە بۆ ئەو منداڵانە کە تەمەنیان 10-12 ساڵە. منداڵەکان ناونووس ناکرێن لە کاروباری کاتی ئازادی کراوە و خێزانەکان خۆیان بڕیاردەدەن منداڵەکەیان چەند جار لەوێ بێ.

## بۆ منداڵ لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییدا

هەموو منداڵێ کە تەمەنیان شەش ساڵ تا دوانزە ساڵە و دایکوباوکیان کاردەکەن یان دەخوێنن، مافی ڕۆیشتنیان هەیە بۆ یانەی کاتی ئازاد - ئەمە ئێمە بە قسەی ڕۆژانە پێی دەڵێین یانەی کاتی ئازاد (fritids). منداڵەکان دەتوانن لە یانەی کاتی ئازاد بن لەو ماوەیە کە دایکوباوکیان کاردەکەن یان دەخوێنن و ئەمە کاتی ڕۆیشتن بۆ کار یان خوێندن یان گەڕانەوە لەوێ دەگرێتەوە. هەروەها منداڵ دەتوانێ شوێنی کاتی ئازادی هەبێ لەبەر هۆیی تایبەتی.
منداڵی ئەو دایکوباوکانە کە بە دوای کارا دەگەڕێن یان پشووی دایکۆباوکیان هەیە، مافیان نیە لە وەرگرتنی شوێن لە یانەی کاتی ئازاددا.

## یانەی کاتی ئازاد چیە؟

یانەی کاتی ئازاد چالاکییەکی دەستەیی پەروەردەییە کە تەواوکەری خوێندنگایە و پێشکەشی کاتێکی ئازادی پڕمەبەست و یارمەتییەکی گرنگ لە پێشکەوتندا دەکا بە منداڵەکان. یانەی کاتی ئازاد کراوەتەوە بۆ منداڵان پێش و پاشی چوون بۆ خوێندنگا و لە ماوەی پشووی خوێندنگایشدا.

چالاکییەکان لە یانەی کاتی ئازاددا دەبێ خۆش بن و بە پێی ئارەزوو و دەستپێشخەریی منداڵەکان بن و بگونجرێن لەگەڵ هەلومەرجی جۆراوجۆریاندا.

## چی پەرستیاریی منداڵی خوێندنگا دەباتەڕێوە؟

بەرنامەی خوێندکاری خوێندنگای سەرەتایی (Lgr 11) ، یانەکانی کاتی ئازادیش دەگرێتەوە. بەرنامەی خوێندکاری خوێندنگای سەرەتایی بایەخدەدا بە شتانێ وەك وەکیەکبوونی نرخی مرۆڤ و ڕێز و دڵنیایی و ئارەزوو لە فێربوون - شتانێ کە دەبێ زاڵبن بە سەر وانەوتنەوە هەم لە خوێندنگا و هەم لە چالاکیی یانەی کاتی ئازاددا.

### داخوازینامە

تۆ کە بەزۆریی پێشکەشی داخوازینامە دەکەیت بۆ شوێن لە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد کاتێك منداڵەکەت دەستدەکات بە ڕۆیشتن بۆ کلاسی قۆناغی پێش خوێندنگا. پێشکەشکردنی داخوازینامە بۆ بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد، دەکرێت لە ڕێی خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیکی

داخوازینامە بۆ بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد "Ansökan till fritidshem" کە هەیە لە orebro.se

## یانەی کاتی ئازاد تەنیا لە پشووی خوێندن و ڕۆژانی خوێندن

کاتێ منداڵەکە لە یانەی کاتی ئازادە تەنیا لە پشووی خوێندن و ڕۆژانی خوێندندا (15 ڕۆژ زۆرترین ماوەیە لە نیوەساڵی خوێندنێکدا)، ئەو کاتە ئەمە پێی دەوترێ دانانی نیوەساڵی خوێندن. دوا بەروار بۆ پێشکەشکردنی داخوازینامە بۆ دانانی نیوەساڵی خوێندن 1 جولایە (بۆ نیوەساڵی پایز) و 1 جانیوەریە (بۆ نیوەساڵی بەهار). ئەگەر منداڵەکە ئێستا دەڕوات بۆ یانەی کاتی ئازاد و دەخوازێ بیگۆڕێ بۆ دانانی نیوەساڵی خوێندن، ئەو کاتە ماوەی ئاگادارکرن نیە بۆ گۆڕین.

## پەرستیاریی شەو

ئەو دایکوباوکانە کە کاردەکەن پاش کاتژمێری 20.00 لە ئێوارانی ڕۆژە ئاساییەکاندا یان لە ڕۆژە پشووکاندا، دەتوانن داخوازینامە پێشکەش بکەن بۆ پەرستیاریی شەو بۆ منداڵەکانیان. دەبێ کاتی کارکردنی دایکوباوکەکان بسەلمێنرێ بە گەواهینامە و خشتەی کات و پێشکەش بکرێن پێکەوە لەگەڵ داخوازینامەکەدا.

## چەنێ خەرجی دەچێ؟

مزی بناخەیی دانانی منداڵێك لە یانەی کاتی ئازاددا 2 لە سەدی داهاتە. خەرجی یانەی کاتی ئازاد هەر بەو شێوەیە کە لە پەرستیاریی منداڵ دەکرێت، مزێکی دیاریکراو دەدەی بە بێ ڕەچاوکردن لە چەند کاژێر منداڵەکەت لەوێ دەمێنێتەوە.

چەنێتی خەرجەکە دەکەوێتە سەر داهاتی گشتی خێزانەکە لەو شوێنە منداڵەکە ناونووسکراوە. ئەگەر چەند منداڵێکت ناونووسکراون لە یانەی کاتی ئازاد یان لە پەرستیاریی منداڵ، ئەو کاتە مزەی هەر منداڵێ کەمدەبێتەوە. زۆرتر بخوێنە لە بارەی خەرجەوە لە www.orebro.se

## دراودانەوە بە هۆی نەخۆشییەوە

ئەگەر منداڵەکەت نەیتوانی بڕوا بۆ یانەی کاتی ئازاد بۆ ماوەیکی درێژ بە هۆی نەخۆشییەوە، دەتوانی مزەکە وەبگریتەوە لە پانزەهەمین ڕۆژی نەخۆشکەوتنیدا. بۆ ئەم مەبەستە پێشکەشی داخوازینامە دەکەی بە پڕکردنەوەی فۆرمێ کە لە ناوی www.orebro.se هەیە.

لە فۆرمەکە دەبێ بەڕێوەبەری خوێندنگاکە بسەلمێنێ کە منداڵەکە نەڕۆیشتووە بۆ خوێندنگاکە. فۆرمەکە دەنێری کاتێ منداڵەکەت نەخۆشییەکەی نەماوە و چاکبۆتەوە.

## کاتەکان پێشکەش بکە

دەبێ خشتەیەکی کات پێشکەشبکەی بۆ مانەوەی منداڵەکەت لە یانەی کاتی ئازاددا. خشتەی کاتەکە دەبێتە بناخەیە بۆ بەرنامەدانانی چالاکییەکان. کاتی بەجێهێشتنی منداڵەکە دەبێت ئەوەندەی کاتی کارکردن یان خوێندنی دایکوباوکەکە بێ و کاتی گەشت. فۆرم بۆ خشتەی کات هەیە لە www.orebro.se یان لە یانەی کاتی ئازاددا.

## ڕۆژانی بەرنامەدانانی کارمەندەکان

هەموو نیوەساڵێك جارێك یان چەند جارێ کارمەندەکان ڕۆژی خوێندنیان هەیە. لەو ڕۆژانە، یانەی کاتی ئازاد لەوانەیە دابخرێت. بۆ ئەو کەسە لەو ڕۆژانە ناتوانێ بەرستیاریی منداڵەکەی بکات، ئێمە چارەسەرکردنی کاتیمان هەیە بۆی. پەیوەندی بکە بە یانەی کاتی ئازادی منداڵەکەتەوە تا بزانی چ چارەسەرێك دەکرێت لە ناوچەکەت.

## پشوو لە هاویناندا

لە هاوینان زۆر لە منداڵان نارۆن بۆ یانەی کاتی ئازاد. منداڵەکەت دەتوانێ تا 90 ڕۆژ، جوون - ئۆگوست نەڕوا بۆ یانەی کاتی ئازاد (لە ئەو دوایی ساڵەکە 60 ڕۆژیتر مافی هەیە) بێ ئەوە شوێنەکەی لەدەستبدا.

لە ماوەی نەچوون بۆ یانەی کاتی ئازاد، مزی شوێنەکە دەدەی، مرۆڤ دراو دەدا وەك ئابوونە بۆ مافبوونی لە هەبوونی شوێن لە یانەی کاتی ئازاددا.

## وازهێنان لە شوێن

کاتێ منداڵەکەت دەیەوێ وازبێنێ لە یانەی کاتی ئازاد، کاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕۆیشتن بۆ یانەکە 60 ڕۆژی ساڵنامەییە (نێزیکەی دوو مانگ). مز دەدەی لە ماوەی هەموو کاتی هەڵوەشاندنەوە.

کاتی هەڵوەشاندنەوە دەستپێدەکا لەو ڕۆژەوە پێشکەشی فۆرمەکە دەکەی. فۆرمەکە لە www.orebro.se یان لە یانەی کاتی ئازادی منداڵەکەت هەیە.

منداڵەکەت دەردەکرێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك کاتێ پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواودەکا.

## زانیاری فرەتر

دەتەوێ زۆرتر بزانی لە بارەی خوێندنگای سەرەتایی لە شارەوانیی ئۆرەبرودا؟
سەردانی orebro.se بکە یان ماڵپەڕی تایبەتی خوێندنگاکە
ناوی خوێندنگاکە/orebro.se

بە ڕێگەی خزمەتگوزاری کریار، 00 10 21-019، دەتوانی تەلەفۆن بکەی بۆ هەموو خوێندنگا سەرەتاییەکانمان و بۆ ئەو ڕامیاریکارانە کە بەرپرسیاری خوێندنگاکانن لە ئۆرەبرو.

بەشی زانیاری شارەوانیی ئۆرەبرو 2010.  وێنە: لێف یوانسون، کیکی فونبو، ئۆگوست ئۆبێری/ ئەرشیفی وێنە.س ی
Bild: Leif Johansson, Kicki Funbo, August Åberg/Bildarkivet.se

www.orebro.se

**Örebro kommun**
**Förvaltningen förskola och skola**
019-21 10 00
orebro.se

2016
FOTO: LEIF JOHANSSON, KICKI FUNBO, AUGUST ÅBERG/SCANDINAV BILDBYRÅ
PRODUKTION: KOMMUNIKATIONSAVDELNINGEN
TRYCKERI: ÅTTA.45

Miljömärkt trycksak, 3041 0001